نووسینی پێشەوای شەهید
**حەسەنول بەننا**

# بانگێشەکەمان

ڕونکردنەوەیەکە
لەبارەی بانگێشەی برایانی موسڵمانەوە

وەرگێڕ
حەسەنی پێنجوێنی

چاپی یەکەم
1423ه - 2003ز

بسم الله الرحمن الرحيم

(قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي، وَسُبْحَانَ اللهِ، وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ) يوسف/ 108.

(قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ، فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللهُ بِأَمْرِهِ، وَاللهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ) التوبة/24.

ئیمامی شەهید حەسەنول بەننا بەرحمەت بێ هەمیشە هەوڵی داوە روون و ئاشکرابێ، و بێ پێچ وپەنا خۆی و بانگێشەکەی بە خەڵکی بناسێنێ، تا ناحەزان و دوژمنانی ئیسلام نەتوانن سەرلەخەڵکی بشێوێنن، یا چاو و راو لەخەڵکی بکەن، بۆیە لەم نامیلکەیەدا باسی بانگێشەکەی دەکات، ئەم بانگێشەیە بۆ هاتۆتە دی؟ چۆن هاتۆتە دی؟ و ئەرکی سەرشانی چییە؟

منیش پێم خۆش بوو ئەو پەیامە پیرۆزەی بەمیللەتەکەمان بناسێنم، تا باشتر بیناسن.. و راستی راستان و لاف و گەزافی خوارو خێچانیشیان بۆ دەربکەوێت.. وابەچەند ئەڵقەیەك پێشکەشی دەکەین.

بانگێشە: کورتەی پێکهاتە وشەی(بانگهێشتن)ە، ئەویش واتە: بانگکردن، دەعوەتکردن. بەلاَم بانگەشە، واتای لاف وگەزاف دەدات. وە (بانگەواز)یش واتای هاوارکردن دەدات. لەبەر ئەوە بۆ تەرجومەی وشەی (دةعوة)، وشەی بانگێشەمان هەڵبژارد. سەیرێکی بەرگی یەکەمی هەمبارە بۆرینەکەی مامۆستا هەژار بکە..

وەرگێڕ

# (1)

## بەڕاشکاوی...

پێمان خۆشە بەڕا شکاوی مەبەستی خۆمان بەخەڵکی بڵێین، و بەڕوونی بەرنامەی خۆمانیان بخەینە بەردەم، و بێ پێچ و پەنا رۆشنتر لەرۆژ و روونتر لە گزنگی بەرەبەیان بانگێشەکەی خۆمانیان ئاڕاستە بکەین..

## هیچمان لەکەس ناوێ:

لەگەڵ ئەمەشدا پێمان خۆشە قەومەکەمان- هەموو موسڵمانان قەومی ئێمەن- بزانن کە: بانگێشەی برایانی موسوڵمان بانگێشەیکی پاك و بێ عەیبە، لەپاکیدا ئەوەند بڵند بوەتەوە تا لەتەماحی شەخێی تێپەڕیوە، قازانجی ماددی بەلاوە بێ نرخ و سووکە، لە پشت خۆیەوە مەبەستی تایبەتی خودی جێ هێشتووە، بەردەوام بەو رێیەدا دەڕوات کە خوای تەعالا دیاری کردووە، و رەنگی کێشاوە بۆ ئەوانەی خەڵکی بۆلای خوا بانگ دەکەن " قُلْ: هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ، أَنَا وَمَنْ اتَّبَعَنِي، وَسُبْحَانَ اللَّهِ، وَمَا أَنَا مِنْ الْمُشْرِكِينَ. " (1)واتە: بڵێ: ئەمە رێگەی منە و بەچاو ڕوونیەوە خەڵکی بۆلای خوا بانگ دەکەم، من و ئەوانەی شوێنم کەوتوون، و پاکی و بێ عەیبی هەر بۆخودایە، و من لەوانە نیم هاوەڵ بۆخوا دادەنێن، و موشریکن.

ئێمە داوای شتێ لەخەڵکی ناکەین،ماڵمان لەوان ناوێ، و داوای کرێیان لێناکەین، نامانەوێ بەهۆی ئەوانەوە ئاغایی زیاد بکەین، پاداشت و سوپاسمان لەوان ناوێ، پاداشت وحەقمان لەو کارەدا تەنیا لەسەر خودایە، ئەو خوایەی دروستی کردووین.

## سۆز:

وە پێمان خۆشە قەومەکەمان بزانن کە: ئەوانمان لا خۆشەویسترە لەخۆمان، چونکە دڵو دەروونمان پێیان خۆشە، لەپێناو سەربەرزی و رێزی ئەواندا ببنە قووربانی، ئەگەر قوربانی تیابێ، و دەروونمان دەیەوێ خوێنی بڕژێ و ببێتە نرخی پارێزگاری کردن لە شکۆ و رێز و دین و هیوا و ئاواتیان ئەگەر ئەوە بەس بێ. وەهیچ شتێکیش وای لێنەکردووین ئەم هەڵوێستەمان بەرامبەریان هەبێ جگە لەوسۆزەی خۆی سەپاندووە بەسەر دڵماندا و هەست وئیحساسەکانمانی داگیر کردووە، و جێگاپێ تەنگ کردووین و فرمێسکی پێ رشتووین!! زۆر بەلامانەوە زەحمەتە ئەوەی ئابڵوقەی میللەتەکەمانی داوە بەچاوی خۆمان بیبینین و پاش ئەوەش بەسووکایەتی رازی ببین، و مل بۆ رەش بینی و بێ هیوا بوون شۆڕ بکەین، ئێمە لەرێی خوادا کار بۆ خەڵکی دەکەین، ئەی خۆشەویستان! ئێمە بۆ ئێوەین نەك بۆ جگە لە ئێوە! و هەرگیز رۆژێ لەرۆژان لە دژتان نابین..

## فەزڵ ومننەت هەر بۆ خودایە:

وەنەبێ لەو بارەوە هیچ منەتێ بکەین، یا بەفەزڵێکی دابنێین بۆ خۆمان، بەڵکو ئێمە بڕوامان بەفەرموودەی خوا هەیە کە دەفەرموێ: " بَلْ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلإِيمَانِ إِنْ كُنتُمْ صَادِقِينَ "(2) واتە: بەڵکو خوا منەتتان بەسەرا دەکات کە ڕێنموونی بۆ ئیمان کردوون، ئەگەر ئێوە ڕاستگۆ بن.

ئای چەند ئاواتەخوازین -ئەگەر ئاوات خواستن سوودی هەبێ- کە خوا بەنووری خۆی ئەو دلآنە بکاتەوە، و بێنە ریزی بانگێشەکەمانەوە، و نەتەوەکەشمان ببینێ و ببیستێ، ئەوسا براکانمان خۆیان سەرنج بدەن ئایا جگە لە:خێر خوازی بۆیان و بەزەیی پیاهاتنەوەیاندا، و فیدا کاری بۆ سوودیان شتێکی تری تیا دەبینن؟!

جگە لەوە کە برایان ئازارێکی سەخت دەچێژن بەهۆی ئەو حاڵە ناهەموارەوە کە خۆیان و قەومەکەیانی تێکەوتووە، ئایا شتێکی تر دەبینن؟ بەلآم ئێمە تەنیا ئەوەمان بەسە کە خوا هەموو ئەوانە دەزانێ و ئاگای لێیە، و تەنیا ئەویشمان بەسە بۆ پشتگیری کردن و یارمەتیدان بۆ حەق پێکان،(إیابە الحق). جڵەوی دڵەکان و کلیلەکانیان لە دەست خۆیدایە، ئەوەی خوا هیدایەتی بدات کەس ناتوانێ گومڕێی بکات! ئەوەش ئەو سەری لێ بشێوێنێ کەس ناتوانێ ڕێنوێنی بکات، خوامان بەسەو ئەویش باشترین پشتیوانە، ئایا بۆ پشتیوانی لە عەبدی خۆی، تەنیا خوا بەس نییە!!

## چوار جۆر:

ئەو خەڵکەی لە بەرامبەرمانەوەن یەکێك لەم چوار جۆرەن:

### 1- ئیماندار:

یاکەسێکە باوەڕی بە بانگێشەکەمان هەبێ، و بڕوای بەقسەکانمان هەبێ و مەبدەئەکانمانی پێ جوان بێت، و خێرێکی وای تیا بینبێ دڵی لێی دڵنیا و دەروونی پێی ئارام بێ، ئەگەر کەسێ وابێ ئێمە بانگی دەکەین زوو بێتە ناو ریزمانەوە، و کارمان لەتەکا بکات، تا بەهاتنی کەسی وا ژمارەی تێکۆشەران زۆر ببێ، و بە دەنگی ئەو دەنگی بانگخوازان بەرزتر ببێتەوە، و ئیمانێك کردەوە بەشوێنیا نەیەت هیچی تیا بەسەر نییە، و هەر عەقیدەیەك خاوەنەکەی بۆ بەدیهێنان و قوربانیدان لەپێناویا هان نەداهیچ سوودێکی نییە، پێشینانی یەکەم – ئەوانەی خوا دڵ ودەروونی بۆ ڕێنموونییەکەی گوشاد کردبوون وشوێن پێغەمبەرەکانی کەوتبوون، باوەڕیان بە پەیامەکانی هێنا، و بەجوانترین شێوە لەپێناویا تێکۆشان - ئاوەها بوون.. ئەوانە لەلای خوا باشترین پاداشتیان هەیە، و چەند خەڵکشوێنیان کەوتبێ بەقەد هەموویان پاداشتیان هەیە بێ ئەوەی شتێ لە پاداشتی شوێنکەوتووانیان کەم ببێتەوە.

### 2- دوو دڵ:

یاکەسێکە هێشتا ڕووی حەقی بۆ دەرنەکەوتووە، هێشتا لە قسەکانی ئێمەوە واتای ئیخلاێ وپاڵفتەیی و سوودی نە دیوە، ئەم جۆرەیان دەسڵەمێتەوە، واز لەمەیان دێنین بۆ دڵە ڕاوکەی خۆی، و ڕاسپێری دەکەین: لە نزیکەوە پەیوەندیمان پێوە بکات، و لەدوور یا لەنزیك با لەبارەی ئێمەوە بخوێنێتەوە، نووسراوەکانمان تەماشا بکات، و سەر لەبنکەکانمان بدات، و براکانمان بناسێ، پاش

ئەوە ئینشائەڵلا لێمان دڵنیا دەبێت، ئەوانەش کە پێشتر لەناو شوێنکەوتووانی پێغەمەرانا دوودڵ بوون حاڵیان هەروا بووە..

### 3-هەڵپەرست:

یا کەسێکە نایەوێ کۆمەکی بکات ویارمەتی بدات، مەگەر بزانێ قازانجێکی باشی دەست دەکەوێت، و کۆمەکی کردنەکەی سوودێکی زۆری بۆ بەدی دێنێ! بەوجۆرەکەسانە دەڵێین: بەیارمەتی خۆت، ئێمە جگە لەپاداشتی خوایی – ئەویش ئەگەر مەبەستەکە بەپاڵفتەیی بۆ خوا بووبێ، - و پاداشتی بەهەشت – ئەویش ئەگەر خێرت تیا ببینێ- هیچ پاداشتێکمان نییە. لە شان و شکۆدا نادیارین، لەماڵ و ساماندا هەژارین، حاڵمان قوربانی دانە بەوەی هەمانە، و خەرجکردنی ئەوەی لەدەستماندایە، ئاواتمان رەزامەندی خوایە، و ئەویش چاکترین پشتیوان و باشترین کۆمەکە.

جا ئەگەر خوا پەردەی تەماحی لەسەر دڵی لادا و مێردەزمەی تەماحی لەسەر دەروونیەوە لابرد، دەزانێ ئەوەی لای خوایە چاکتر و بەردەوامترە، و دەڕواتە ریزی سوپاو هێزی خواوە، تا دەستی فراوان بێ، و سەخاوەتمەندانە لەپێناوی خوادا چی هەیە لە ماڵ و زرق و برقی دنیا ببیەخشێ تا لە قیامەتا بەپاداشتی خوایی شادبێ، "ئەوەی لای خۆتانە تیادەچێت و ئەوەی لای خوایە دەمێنێتەوە "، خۆ ئەگەر وایش نەبوو، ئەوە خوا پێویستی بەوکەسە نییە، کە خوا بەشیاو تر دانەنێ لەخۆی و ماڵ ودنیاو دوارۆژ ومردن و ژیانی، هەروەها ئەوانەش کە پەیمانیان بە پێغەمەرصلی الله علیه وسلم نەداو داوای سەرۆکایەتی و کاربەدەستیيان دەکرد کە لەدوای خۆی بۆیان دیاری بکات، وەك ئەم وا بوون!! بەڵام تەنیا وەڵامی پێغەمەر صلی الله علیه وسلم ئەوەبوو پێیان رابگەیەنێ کە: زەوی موڵکی خوایە، ئەویش بەهەرکەس خۆی بیەوێت دەیداتێ، دوا رۆژیش هەر بۆ پارێزکارانە..

### 4- روو وەرگێڕ:

یاکەسێکە گومانی خراپی بەئێمە هەیە، و دڵە راوکەو دووڵی چوار دەوری دڵی داوە، و بەچاویلکەیەکی رەشی قەلاخیەوە نەبێ، بۆمان ناڕوانێ!! و بەزمانی کەسێکی تاوانکار و گومان دروستکەرەوە نەبێ لەبارەمانەوە نادوێ! و هەردەیەوێ لە سەرکەشی خۆیا رۆ بچێت و لە گومانەکانیا نقوم ببێت! و کوێرانە مل بنێ، و لەخەیاڵەکانیا بەردەوام بێ.. ئەگەرکەسێ وابوو، بۆخۆمان وخۆی دەپارێینەوە و داوا لەخوا دەکەین حەقمان بەحەق پێنیشان بدات و شوێنکەوتنی بکاتە بەشمان، و ناهەقیشمان بەناهەق پیشان بدات و دوور بوون لێی بکاتە بەشمان، و دۆزینەوەی رێی راستمان پێ ئیلهام بکات.

- ئەوەی وابوو- ئەگەر دەعوەتمان قبووڵ بکات دەعوەتی دەکەین، ئەگەر بە دەنگمانەوە بێت بانگی دەکەین، لەخوایش بۆی دەپارێینەوە و هیوادارین دوعامان قبووڵ بکات، لەگەڵ ئەوەدا دەبێ بزانین کە خوای تەعالا لەبارەی کۆمەڵێ کەسەوە ئەم ئایەتەی بۆ پێغەمەر صلی الله علیه وسلم ناردووە: بێگومان تۆ ناتوانی هیدایەتی کەسێ بدەیت کە خۆشت دەوێ و حەز دەکەیت بێتە سەر رێ ، بەڵام ئەوەی خوا بیەوێ هیدایەتی دەدات. " إِنَّكَ لا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ " (3)

ئەو جۆرە کەسانە ئێمە بەردەوام خۆشمان دەون، و هێواداریین گەڕانەوەیان بۆ لای ئێمەبێ، قەناعەتیان بە دەعوەتەکەمان ببێ، دروشمی ئێمە بەرامبەر بەم جۆرە کەسانە ئەم دوعایەی پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم کەفەر موویەتی: " اللهم اغفر لقومی فإنهم لا يعلمون"(4)خوایە لەگوناهی قەومەکەم خۆش ببە چونکە ئەوان نازانن چ خێرێکم بۆیان دەوێ؟

پێمان خۆشە خەڵکی لەتەکمانا یەکی لەوانە بێ! ئیتر کاتی ئەوە هاتوە موسڵمان بەمەبەستی خۆی بگات و رووگەی خۆی دیاری بکات، و کار بۆ ئەو رووگەیەی بکات، تا بەمەبەستی دڵخوازی خۆی دەگات..بەلاَم رۆچوون لە بێئاگایی وغەفڵەتدا، و هەنگاونان بەرەو گاڵتەو گەپ، و دڵ بە هەڵە بردندا، و ملکەچکردنی کوێرانە، و دواکەوتنی دەنگی هەرقالاَوە رەشە یەك، بەهیچ جۆر رێی ئیمانداران نییە..

1- سورة يوسف/108.
2- سورة الحجرات/17.
3- سورة القصص/ 56.
4- أخرجه البخاري وأبو داود.

# (2)

## باوەڕ قوربانی دەوێ:

لەگەڵ ئەوەدا پێمان خۆشە قەومەکەمان بزانێ کە هەموو کەسێ بەکەڵکی ئەم دەعوەت و بانگێشەیە نایەت، مەگەر ئەوەی لەهەموو گۆشەو لایەنەکانی حاڵی بووبێ، و داوای هەرچی لێکرا لە کات وگیان ومال و تەندروستی بەسەخاوەتمەندییەوە پێی ببەخشێ: خوای تەعالا فەرموویەتی: " قُلْ: إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا، وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا، أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ، فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللهُ بِأَمْرِهِ، وَاللهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِين "(5)

بڵێ: ئەگەر باوك و رۆڵە و برا و ژن و عەشرەتتان و سامانێ کە بەدەستان هێناوە و بازرگانییەك کە دەترسن بێ بازاڕ ببێ، و جێگەو رێگەیەك کەدڵتان پێیان خۆشە، ئەگەر ئەمانەتان لەلا خۆشەویسترە لە خواو پێغەمبەرەکەی و تێکوشان لە پێناویا، ئەوا چاوەڕوانی بکەن تا خوا فەرمانی خۆی دەنێرێ، و تۆڵەتان لێ دەسێنێت، خوایش هیدایەتی قەومی فاسق و خراپەکار نادات..

ئەمە بانگێشەێکە شەریکایەتی قبووڵ ناکات، چونکە یەکبوون سروشتیەتی، هەرکەس بەوجۆرە خۆی بۆ ئامادە کرد، ئەوا بەو بانگێشەوە دەژی و بانگێشەیش بەمەوە دەژی. ئەوەی لەهەڵگرتنی ئەم کۆڵە و بەجێهێنانی ئەم ئەرکەدا لاوازبێ لەپاداشتی تێکۆشەران بێبەش دەبێ و لەریزی دانیشتوان و دواکەوتووانی بێ بیانوودا دەبێ!! خوای تەعالا لە جیاتی ئەمان کەسانی تر بۆ ئەم

بانگێشەیە ئامادە دەکات، کەئاوان: "أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ، يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لائِمٍ، ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ "(6) لەتەك ئیمانداراندا لێ بوردەن و خۆیان زەبوون پیشان دەدەن، و بەرامبەر کافر و بێ بڕوا چاوپۆشی ناکەن، و بە عیززەتن!! لە پێناوی خوادا تێدەکۆشن، ترسیان لەسەر زەنشتی خەڵکی نییە، ئەوەش فەزڵی خودایە، هەرکەس خۆی بیەوێ پێی دەبەخشێ..

## رون و دیاری:

ئێمە خەڵکی بۆ لای مەبدەئـ بانگ دەکەین، مەبدەئێك لای هەموان رون و دیارو سەلمێنراو. ئەوان هەموویان دەیناسن و باوەڕیان پێیەتی،و بەشیاوتری دەزانن، و دەشزانن کە رزگاری و بەختەوەری و ئاسوودەییان لەودایە، مەبدەئێك تاقیکاری سەلماندی و مێژووش حوکمی بەوە داوە کە توانای ئەوەی هەیە بۆ هەمیشەیی بژی، و دەگونجێ توانای چاکردنی بوونەوەریشی هەبێ.

## دوو باوەڕ:

پاش ئەوەی کە هەردوومان باوەڕمان بەو مەبدەئە هەبوو، ئەوسا لەوبارەوە دەزانیت جیاوازی نێوان ئێمەو قەومەکەمان چییە؟

ئەوەی ئەوان باوەڕیان پێیەتی: باوەڕێکی بەنجکراوە و لەدەروونیا نووستووە. بەحوکمەکەی رازی نابن و بە پێی فەرمانەکانی کار ناکەن..لەکاتێکدا ئەو باوەڕە ئیمانێکی هەڵگیرساوی بڵێسە دارە، و بەهێز و هۆشیارە لەدڵی برایانی موسڵماندا.

لەدەروونی ئێمەی رۆژهەڵاتیدا دیاردەیەکی دەروونی سەیر هەیە، کە لەلایەن خۆمان و خەڵکی تریشەوە هەستی پێدەکرێ..ئەو دیاردەیەش ئەوەیە: کاتێ باوەڕمان بە بیرۆکێك هێنا، و کاتێ باسی ئەوبڕوایەمان بۆخەڵکی کرد، وا دەزانن ئەو باوەڕە هانمان دەدات بۆ خاپوور کردنی چیاو تێکدانی کێو، و پێشکەشکردنی گیان وماڵ و قبووڵکردنی ماندووبوون، وخۆ خستنە ناو کاری گەورەو گران و ناڕەحەتەوە، تا پێی سەردەکەوین، یا ئەو بەهۆی ئێمەوە سەر دەکەوێ.. بەلاَم کاتێ کڵپەی وتار و ئاخاوتن هێدی بووەوە، و کۆمەڵ بلاَوەی لێ کرد و پەرتەوازە بوون، هەرکەسە باوەڕەکەی لە بیر دەچێتەوە، و لەبیر و هزری بێ ئاگا دەبێ!! بیر لەوە ناکاتەوە کاری بۆ بکات، و بەخەیاڵیشیدا نایەت بەلای کەمەوە بەلاواز ترین شێوەی تێکۆشان لەپێناویا تێبکۆشێ!! بگرە لەو بیرچوونەوەو بێ ئاگایی بوونەدا سەرپەڕی و زیادە ڕەویش دەکات، تا دەگاتە ئاستێکی وا لە دژی باوەڕ و هزرەکەی خۆی کار بکات!! جا هەستی پێ بکات، یان نە؟!

ئایا لەسەر سامیدا پێ ناکەنیت ، کە یەکێك لە پیاوانی هزرو کارو رۆشنبیری ببینیت، لە یەك رۆژدا و لە دوو کات ـ ی نزیك لەیەكـ دا، لەیەکێکیانا موسقۆف(ملحد)ێك بێت لە مسقۆفەکان، و لەکاتی دووەمدا عابیدێك بێت لەتەك عابیداندا؟!!

ئەم لاوازییە، یا لەبیر چوونەوەیە، یا غەفڵەتە، یا خەوتن ونووستنە، یا هەر شتێکی تر، چ ناوێکی لێ دەنێی لێی بنێ، وای لەئێمە کردووە، هەوڵ بۆ ئاگادارکردنەوە و خەبەر هێنانەوەی مەبدەئەکەمان بدەین، ئەوەش هەر ئەو مەبدەئەیە کە قەومەکەمان سەلماندوویەتی و لە دەروونیا خۆشەویستە..

## چەندەها دەعوەت وبانگێشە:

کەوابوو دەگەڕێمەوە بۆ سەرەتای یەکەم قسەم و دەڵێم: بانگێشەی برایانی موسڵمان بانگێشەی مەبدەئە، ئەمڕۆش لەرۆژهالآت و رۆژئاوادا چەندەها بانگێشە و مەبدەئـ و بیرو رێرەو و بۆچوونی جۆراو جۆر هەیە، هەموویان ناکۆکییان تیایەو ژیریی وهۆشی خەڵکیان دابەش کردووە، و ناکۆکی لەدەروونیانا دروست کردووە.

ئەو بانگێشەو بیرو باوەڕانەش لەلایەن شوێنکەوتەو دەستەو دایەرەی خۆیانەوەجوان دەکرێن، و رۆڵەو شوێنکەوتوان و ئەوینداران و موریدەکانیان پڕو پاگەندەیان بۆدەکەن، لایەنی جوان و ێیفەتە باشەکانیان بەرچاو دەخەن، بەڵکو لەسنووریش تێ دەپەڕن، تا وا بەخەڵکی پیشان بدەن کە جوان و دڵڕفێن وسەرنج ڕاکێشن..

## بانگخوازان:

ئەوانەئەمڕۆ بانگێشە دەکەن زۆر لەوانەی دوێنی جیاوازن، ئەوانەی ئەمڕۆ رۆشنبیرن، مەشق پێکراون، پسپۆڕن، هەمووجۆرە وەسیلەیەکیان لەبەردەستایە، بەتایبەت لە ولآتانی رۆژئاوادا، هەر بیرۆیەك کۆمەڵێکی تایبەتی مەشق پێکراوی هەیە، لایەنی ون و نادیاری روون دەکەنەوە، لایەنە جوانەکانی پێشچاو دەخەن، بۆ بلآوکردنەوەو گەیاندنی مەبەستەکەیان چەندەها وەسیلەی نوێ دا دێنن وبەکاری دێنن، ئاسانترین و ساکارترین و نزیکترین رێگە بۆ خۆ گەیاندنە ناو دەروونی خەڵکی و قەناعەت پێکردنیان بەکاردێنن تا وەشوێن خۆیانیان بخەن.

## کەرەسەکان:

کەرەسەکانی راگەیاندنی ئەمڕۆ لەوانەی دوینێ جیاوازن، راگەیاندنی دوێنێ قسەیەك بوو لە وتارێکی جومعەدا، یا لەکۆبوونەوەیەکدا دەکرا ، و لەنامیلکەیەك یا لەوتارێکی ئاراستەییدا ئەنووسرا، بەلآم ئەمڕۆ چەندەها شتی تر هەیە وەك بلآوکراوە، گوڤار، رۆژنامە، پەیام ، شانۆ، چیرۆك، رادیۆ، هەموو ئەمانە رێی گەیشتن بە دڵ ودەروونی گشت خەڵکییان خۆش و ئاسان کردووە بەژن و پیاوەوە، لە ناوماڵیان، لەجێی بازرگانیان، لەکارگەکانیان، و کێڵگەکانیاندا..

بۆیە ئەرکی سەرشانی بانگخوازان [ الدعاة ]  ئەوەیە: بەباشی هەموو ئەو کەرەسانە بزانن و بەکاریان بێنن، تا کارەکەیان بەرهەمی دڵخوازی خۆی هەبێ..

بۆچ وا لەمەبەست لابدەم؟ جارێکی دیش دەگەڕێمەوە سەرباسەکەی خۆم ودەڵێم: جیهانی ئەمڕۆ تووشی ئینتەلا بووە، بەو هەموو بانگەشانەی کە لەبارەی رامیاریو قەومیو نەتەوایەتیو ئابووریو سەربازیو ئاشتیخوازیانەوە هەیە، ئەدی بانگێشەی برایانی موسڵمان لەبەرامبەر ئەم هەموو پێکهاتە ئاوێتانەوە لەکوێیە؟

وەلآمی ئەم پرسیارەم وام لێ دەکات لەبارەی دوو شتەوە بدوێم: یەکەمیان پەیکەری بانگێشەکەمان بەشێوەیەکی ئەرێ یی[الإيجابي ]، و دوور لەهەموو کۆمەڵێکی تر، پاشان هەڵوێستی بانگێشەکەمان بەرامبەر هەریەك لەو بانگێشانەی ترەوە، کە ئەمەش دەبێتە بەشی دووەمی باسەکەم..

بەهۆی ئەو دەرچونەم لە باسەکە دا سەرزەنشتم مەکە، چونکە وام بۆ خۆم داناوە: چۆن قسەدەکەم ئاوەهاش بنووسم، و بەو شێوەیەش لەشێوەکانی نووسین بنووسم کە زۆر لەخۆکردن و خۆ ئازاردانی تیا نەبێ..من چۆنم دەمەوێ خەڵکی وام لێحاڵی ببن، بێ ئارایش رو تووش..

(3)

**ئیسلامەکەمان**:

براکەم! گوێ بگرە، بانگێشەکەمان کامڵترین ێیفەتی ئەوەیە کە ئیسلامییە، ئەم وشەیەش جیاوازە لەو واتا تەنگ و تەسکەی خەڵکی لێی تێدەگەن، واتایەکی فراوانی هەیە. ئێمە بڕوامان وایە ئیسلام واتایەکی گشتگیر وهەمەلایەنەی هەیە و هەموو کارو بارێکی ژیان رێك دەخات، و لەبارەی هەموو شتێکەوە فتوای هەیە، و یاسایەکی وردی مەحکەمی بۆ دادەنێ، لەبەرامبەر گۆبەندە سەرەکییەکان و ئەو سیستەمانەوە کە پێویستیان بە چاك کردن هەیە بۆ ئیێلاحی خەڵکی، دەستەو ئەژنۆ دانانیشێ. هەندێ کەس بە هەڵە واتێگەیشتوون، کە: ئیسلام براوە بەسەر هەندێ لە عیبادەتەکان، یا لایەنە رۆحییەکاندا، خۆیان و تێگەیشتنەکەیان ئاوەها ترنجاندۆتە ناو بازنەیەکی تەسك لە بازنەکانی تێگەیشتنەوە!!

بەلاَم حاڵی بوونی ئێمە لەئیسلام بەپێچەوانەی ئەم حاڵیبوونەی ئەوانەوە حاڵیبوونێکی فراوان و بەربلاَوە، ئیسلامەکەمان کاروباری دنیاو قیامەت رێك دەخات، بێ بەڵگە ئەم قسەیە ناکەین، و لەخۆیشمانەوە نایدەینە سەری و بەرفراوانی ناکەین!! نە، بەڵکو ئێمە لەکتێبەکەی خوا و رەوشتی موسڵمانانی یەکەمەوە ئەوە حاڵی بووین.. ئەگەر خوێنەر ئەیەوێ لەبانگێشەی برایان بە جۆرێکی فراوانتر حاڵی ببێ و وشەی ئیسلامی بزانێ با قورئانەکەی بەدەستەوە بگرێ، و خۆی لەهەموو هەواو مەبەستێ دابماڵێ ئەوسا حاڵی دەبێت قورئان چی دەوێت؟ و ئالەویادا بانگێشەی برایانیش دەبینێتەوە.

بەڵێ، بانگێشەکەمان بە واتای پڕ بە پڕی ئیسلام ئیسلامییە. ئیتر چۆن لێی حاڵی دەبیت حاڵی ببە، بەلاَم حاڵی بونەکەت لەروانگەی قورئان وسوننەت و رەوشتی پیاوچاکانی پێشینی موسڵمانەوە بێت، -بۆیە ئەمانەیشم باس کرد چونکە- قورئان بنچینەی ئیسلامە، و سوننەتی پێغەممەریش صلی الله علیه وسلم روونکەرەوە و شەرحی قورئانە، و رەوشتی پێشینانی پیاو چاکیش خوایان لێ رازیبێ بەجێهێنەری فەرمانەکانی ئیسلام بوون، و نموونەیەکی واقیعی و وێنەیەکی دیاری ئەو فەرمان ورێنوێنییانە بوون.

**هەڵوێستمان بەرامبەر بانگێشەکانی تر**:

ئەو بانگێشە جیاوازانەتر کە لەم سەردەمەدا زۆرن و لەسنوور تێپەڕیون، و دڵەکانیان پەرتەوازە و بیرەکانیان شپرزە کردووە، هەڵوێستمان بەرامبەریان ئاوایە: بەترازووی بانگێشە کەمان هەڵیان دەسەنگێنین، ئەوەی لەتەکیا بسازێخۆشحاڵین بەرامبەری ، و ئەوەش بە پێچەوانەوە بوو، یەخەی خۆمانی لێ هەڵدەتەکێنین و لێی بەرین.

ئێمە باوەڕمان وایە: کە بانگێشەکەمان گشتگیر وهەمە لایەنەیە، وهەرشتێکی باش و گونجاو لەناو هەر بانگێشەیەکی ترا هەبێ ئیسلامەکەمان پشتگوێی نەخستووە، و بایەخی پێداوە، و هێمای بۆ کردووە..

## نیشتمان پەروەریەتی:

خەڵکێکی زۆر هەندێ جار بەبانگێشەی نیشتمان پەروەریەتی و جارێتریش بەقەومایەتی موبتەلا بوون، و بەتایبەت لە رۆژهەلأتا. چونکە میللەتانی رۆژهەلأت هەست بە خراپەی رۆژئاواییەکان دەکەن بەرامبەر بەخۆیان، بەرامبەر رێز و شکۆ و سەربەخۆییان، و لەماڵیان بردوون و لەخوێنیان مژیون!! لەو تەوقە رۆژئاواییەی کراوەتە گەردنیان و بەسەر یانا سەپێنراوە ئازار دەچێژن!! ئەو میللەتانەش بەهەرشتێ لەتوانایاندا هەبێ، لەبەکارهێنانی هێز و دەسەلأت و جیهاد و تێکۆشان، و جیربوون وخۆ گری، هەوڵ بۆ لێ رزگاربوونی دەدەن، پێشەوایان زمانیان کراوەتەوە، و رووباری رۆژنامەکان لافاوی لێ هەستاوە، هەریەك لەجێی خۆیەوە خەریکە، نووسەران بەنووسین، وتاردەران بە وتار، هاوارکەران بەناوی نیشتمان پەروەری و شکۆی قەومایەتییەوە هاوار دەکەن.

ئەوە جوان و پەسەندە، بەلأم نا جوان و نا پەسەند ئەوەیە تۆ هەوڵ بدەیت میللەتانی رۆژهەلأت کەموسڵمانن تێیان بگەیەنی کە ئەوەی لەدەمی رۆژئاواییەکانەوە دەبیسترێ و لەنووسینەکانیانەوە دەخوێنرێتەوە، لەئیسلامدا بەجوانترین و باشترین وشیاو ترین شێوە هاتووە و هەیە، کەچی لێت وەرنەگرن و کوێرانە تیایا رۆبچن و لاسایی بکەنەوە، و پێیان وابێ ئیسلام لە گۆشەیەکەوەیە و ئەم بیرۆکەیەش لە گۆشەیەکی ترەوە!! بەڵکو هەندێکیان پێیان وایە ئیسلام دەبێتە هۆی پەرتەوازە کردنی یەکبوونی نەتەوە و لاوازکردنی پەیوەندی لاوان!!

ئەم بۆ چوونە لەهەموو روویەکەوە هەڵە، و بۆ میللەتانی رۆژهەلأت مەترسییەکی گەورەیە!! بەهۆی ئەم بۆچوونە هەڵەیەوە ئەمەوێ لێرەدا هەڵوێستی برایانی موسڵمان و بانگێشەکەیان لەبەرامبەر مەسەلەی نیشتمان پەروەرییەوە باس بکەم.. ئەو هەڵوێستەی پێی رازی بوون بۆ خۆیان، و دەیانەوێ و هەوڵدەدەن خەڵکی تریش لەتەکیانا پێی رازی ببێ!!

## نیشتمان پەروەریەتی سۆز:

ئەوانەی داوای نیشتمان پەروەری دەکەن ئەگەر مەبەستیان سۆز وخۆشەویستییە بۆ ئەوخاك و ئاوەی هۆگری بوون، و حەز وئارەزوویان هەیە بۆی، ئەمە حاڵەتێکەو لەناخی سروشتی مرۆڤدا نێژراوە لەلایەکەوە، و لەلایەکی تریشەوە لەئیسلامدا فەرمانی پێکراوە.. ئەوبیلالەی کە لەرێی ئاینەکەیا هەمووشتێکی کردە قوربانی، هەر ئەوبیلالە بوو لە ئاوارەیی و غەریبایەتیدا سۆزی بۆ مەککە هاواری لێ بەرز کردەوە و لەچەند شیعرێکا ئەو هەستەی خۆی دەر بڕی کە ناسکی و شیرینی هەستەکەی لێ دەتکێ کاتێ گوتی:

ئای خۆزگە دەمزانی! ئایا شەوێکی تر لەشیوی مەکەدا دەخەوم و (ئیزخر) و (جەلیل) بەدەورمەوە بێ؟! ئایا رۆژێکی تر دەچمەوە سەر ئاوەکەی [ (مەجیننة) ] ؟ و ئایا جارێکی تر (شامة) و (توفەیل) م لی دەر ئەکەوێتەوە؟

ئەوەبوو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەدەم ئەیلەوە وەسفێکی مەکەی بیست سۆزی بۆمەککە جوولاَو فرمێسك بەچاویا هاتە خوار و فەرمووی: " ئەی ئەسیل! وازبێنە با دڵەکان جێگیر ببن! "

## نیشتمان پەروەریەتی ئازادی و سەربەرزی:

ئەگەر مەبەستیان ئەوەیە کە: پێویستە بەهەموو توانایەکەوە کار بۆرزگارکردنی ولاَت لە داگیرکەران و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی نیشتمان و ناشتنی مەبدەئی ئازادی و سەربەرزیدا بکرێ، ئێمە لەوەیشا دیسان لەتەکیاناین، ئەڵبەتە ئاینی ئیسلام ئەو پەڕی بایەخی بەو مەسەلەیە داوە، و ئەوەتە خوا ئەفەرموێ: "وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لا يَعْلَمُونَ " (7) واتە: سەربەرزی و زاڵبوون هەربۆ خواو پێغەمبەرەکەی و ئیماندارانە، بەلاَم موناففقەکان نازانن. هەروەها دەفەرموێ: " وَلَنْ يَجْعَلَ اللَّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلاً " (8) خوا رێگەی زاڵبوونی کافران نادات بەسەر موسڵماناندا تا پێبەند بە ئاینەکەیانەوەبن..

## نیشتمان پەروەریەتی کۆمەڵگا:

ئەگەر مەبەستیان لە نیشتمان پەروەریەتی ئەوەیە کە: پەیوەندی نێوان تاك تاکی هەرێمێك بەهێز بکەن، و بۆ رێی بەکارهێنانی ئەم پتەوبوونە لەبەرژەوەندی خۆیانا رێنموونیان بکەن، لەوەیشا دیسان لە تەکیاناین، ئاینی ئیسلام ئەوە بەفەرزێکی پێویست دەزانێ و پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: "وَكُونُوا عِبَادَ اللهِ إخْواناً " (9) واتە: ئێوە ببنە بەندەی خوا و برای یەکتربن. یا ئەی بەندەکانی خوا! وەك برای باوك ودایکی بن لەهاریکاری وخۆشەویستی نێوانتانا.

قورئانی پیرۆزیش دەفەرموێ: " يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَتَّخِذُوا بِطَانَةً مِنْ دُونِكُمْ لا يَأْلُونَكُمْ خَبَالا وَدُّوا مَا عَنِتُّمْ قَدْ بَدَتْ الْبَغْضَاءُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمْ الآيَاتِ إِنْ كُنْتُمْ تَعْقِلُونَ " (10)

واتە: ئەی بڕواداران! ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! جگە لەخۆتان مەکەنە جێی متمانەتان و رازی خۆتانیان لا مەدرکێنن، چونکە تا لەدەستیان بێت دەیانەوێ زیانتان پێبگەیەنن! پێیان خۆشە ئەوەی ئازارو زەحمەتە تووشتان ببێ، رق وقین لەدەمیان دەبارێ، ئەوەی لەدەروونیانا شاردوویانەتەوە دژتان زۆر گەورەترە لەوەی دەری دەبڕن، ئەو نیشانانەمان بە روونی بۆ باسکردن کە دۆست لەدوژمن جیادەکاتەوە، ئەگەر ژیری بەکاربێنن و دەرکیان بکەن..

## نیشتمان پەروەریەتی بۆ رزگاری:

ئەگەر مەبەستیان لە نیشتمان پەروەریەتی رزگارکردنی ولآتان و پێشەوایەتی سەر زەوییە بۆ دینی خوا، ئەوە ئیسلام فەرز وپێویستی کردووە، و جەنگاوەرانی رزگاریخوازی بۆ گەورەترین ئاوەدانکردنەوە و پیرۆزترین رزگاری رێنموونی کردووە، وئەوەش فەرموودەی خوایە دەفەرمویٚ: " وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ " (11) واتە: لەدژیان بجەنگن تا بێدەستیان دەکەن، و ئازارو سزا لەسەر ئیمانداران نامێنێ، و ئیمانداران تووشی فیتنە نەبن و ئاین بۆ خوا بێ..

## نیشتمان پەروەریەتی حیزبایەتی:

ئەگەر مەبەستیشیان لەنیشتمان پەروەریەتی ئەوەبێ کە: خەڵکی بکەنە چەند پارچەیەکەوە و دەست بەخۆێنرشتن و کینە تۆزی و جنێو بەیەکتردان و تۆمەت بۆ یەکتر کردن، و فێڵ لەیەکتر کردن، و پشتیوانیکردن لەو بەرنامە دەستکردانەبێ کە بەهەواو هەوەس داڕێژراون، وبەهۆی ئامانج و مەبەستە تایبەتیەکانەوە بەدیهاتوون و رەنگیان داوەتەوە، و بەپێی بەرژەوەندی شەخێی تەفسیر دەکرێن، و دوژمنیش هەموویان بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربێنێ، و سووتەمەنی ئەو ئاگرە بڵێسەدارتر بکات، و لەسەرحەق پەرتەوازەیان بکات و بۆ ناحەق کۆیان بکاتەوە، و پەیوەندی بوونی هەندێکیان بە هەندێکی تریانەوە، یا هاریکاریکردنیان پێکەوە لێ قەدەغە بکات ، بەلآم ئەگەر ئەم پەیوەندییەیان بەخۆیەوە و کۆبوونەوەیان بەدەوری خۆیەوە بوو، و جگە لەمالّی ئەو شوێنێکی تریان مەبەست نەبوو، و بۆزیارەتکردنی ئەو نەبێ کۆ نەدەبوونەوە، ئەوا ئەو پەیوەندییەیان بۆ حەلآڵ دەکات. ئەگەر مەبەستیان لە نیشتمان پەروەریەتی ئەوەبێ، ئەوە قەڵبە، و نەخێری بۆ خەڵکی تێدایە، و نەبۆ ئەوانەش کەدەعوەتی بۆدەکەن..

ئەوەتە خۆت بینت ئێمە لەتەك ئەوانەداین، کەداوای نیشتمان پەروەریەتی دەکەن، بگرە لەگەڵ ئەوانەشیانداین کەزۆر توند رەون بۆ هەموو واتایەکی گونجاوی وا کە خێر و خۆشبێ بۆ ولآت و خەڵکەکەی، خۆت بەچاوی خۆت دیت کە داوای نیشتمان پەروەریەتی سەر تاخواری لەوە دەرنەچوو کە بەشێك بێ لە رێنوێنییەکانی ئیسلام.

## سنووری نیشتمان پەروەریەتی:

لایەنی جیاوازی نێوان ئێمەو ئەوان ئەوەیە: سنووری نیشتمان پەروەریەتی لای ئێمە بەپێی بیرو باوەڕە، ئەوانیش بە پەرێزی زەوینی و سنووری جوگرافیایی دەزانن..

هەر بستە زەوییەك موسڵمانێکی تیابێ وبڵێ: " لااله الا الله و محمد رسول الله "لای ئێمە نیشتمانە، و رێز وپیرۆزی و خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ هەیە، و جیهاد و تێکۆشان بۆ خێرو خۆشی دەکرێت، و هەموو موسڵمانان لەو هەرێمە جوگرافیانەدا کەسمانن و برامانن، و خەمیان بۆ دەخۆین، و هەست بەهەستیان دەکەین، و هەستیان هەستمانە. بەلآم ئەوانەی کە داوای تەنیا نیشتمان پەروەریەتی دەکەن وا نین، تەنیا رووداوی ئەو پارچە دیاریکراوە تەسکەی زەوی نەبێ ئیتر دەربایستی هیچی تر نایەن.

ئەو جیاوازییە واقیعییە لەویادا دەردەکەوێ کە: ئەگەر میللەتێك لەمیللەتان ویستی لەسەر حسێبی میللەتانی تر خۆی بەهێز بکات، ئێمە بەوەرازی نابین کە لەسەر حسێبی هەر میللەتێکی ئیسلامی بێ، بەڵکو ئێمە داوای هێز بۆخۆمان بەگشتی دەکەین، بەلآم ئەوانەی کە داوای نیشتمان پەروەریەتی

دەکەن خراپە لەوەدا نابینن و بەکارێکی ناپەسەندی نازانن. ئالێرەدا پەیوەندی دەپسێت و هێز لاواز دەبێت، و دوژمن بەهەندێکیان لەهەندێکی تریان دەدات..

## مەبەستی نیشتمان پەروەریەتیمان:

ئەمە یەکێك بوو لەجیاوازی نێوانمان. دووەمیان ئەوەیە: ئەوانەی نیشتمان پەروەرن و بەس؛ ئەوپەڕی ئامانجیان رزگارکردنی ولأتەکەیانە، ئەگەر لەوەدوا هەوڵیان بۆ دا، تەنیا بایەخ بە لایەنە مادديەکانی ئەدەن، وەك ئێستای ئەورووپا. بەلاَم ئێمە بڕوامان وایە کە: موسڵمان ئەمانەتێکی لە ئەستۆدایە، دەبێ لەپێناوی گەیاندنی ئەو ئەمانەتەدا – کە رێنوێنی کردنی مرۆڤایەتیە بەنووری ئیسلام، و بەرز کردنەوەی ئالأکەیەتی، تابەسەر هەموو گۆشەیەکی جیهاندا دەشەکێتەوە – ماڵ و گیان و خوێنی خۆی بەخت بکات. بەو کارەیشی ماڵ وپلەو پایەی مەبەست نەبێت، و نیازی دەسەلأت پەیدا کردنی بەسەر هیچ کەسێکدا نەبێت، وهیچ میللەتێکی تر نەکاتە کۆیلە..دەبێ تەنیا و تەنیا مەبەستی رەزامەندی خوا و بەختەوەرکردنی خەڵکی جیهان بێ بەدینەکەی خوا، و بەرزکردنەوەی وشەی " لااله الا الله و محمد رسول الله " بێ.

هەر ئەوەش بوو پاڵی بە پیاوچاکانی پێشینەوە نا- خوالێیان رازیبێ- ئەو هەموو فەتحە گەورانە بەدی بێنن، و ئەو هەموو ولأتانە رزگار بکەن، کە دنیای سەراسیمە کرد، و تا ئەو سەردەمەش مێژوو شتی وای بەخۆیەوە نەدی بوو، ئەوەند زۆر و زوو ولأت رزگار بکرێ هاوکات لەتەك بلأوکردنەوەی دادگەری وجوامێریدا..

### یەکیەتی:

پێم خۆشە حەقیقەتی ئەوگومانەت بۆ روون بکەمەوە کە تواناى لەسەر پێ وەستانی نییە و دەڵێت: شوێنکەوتنی وەهامەبدەئێك لە ناو نەتەوەیەکی چەند رەگەزی و چەند ئاینیدا ئەو نەتەوەیە پارچە پارچە دەکات!!

بێگومان ئیسلام دینی یەکیەتی ویەکسانییە، و ئەم پەیوەندییەی لەناو هەمواندا دابین کردووە، مادام لەسەر چاکە هاریکاری بکەن، ئەوەتە قورئان دەفەرموێ: "لا يَنْهَاكُمْ اللَّهُ عَنْ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ، وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ، إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ. " (12) واتە: ئەوانەی لەبارەی دینەوە شەڕیان لەتەکا نەکردوون، و لەشوێنی خۆتانا دەریان نەکردوون، خوا لێتان قەدەغە ناکات چاکەیان لەگەلأ بکەن و لەتەکیانا دادگەربن، بێگومان خوا دادگەرانی خۆش دەوێت..

ئیتر دووبەرەکی و پەرتەوازەیی لە کوێوە دروست دەبێت؟!

ئایا نابینیت ئێمە چۆن رێکین لەتەك ئەو کەسانەشدا کە زۆر لە نیشتمان پەروەریەتیدا رۆچوون، و هاوکارین لەخێرو خۆشی ویستنا بۆ ولأت، و هەوڵدان بۆ رزگارکردنی و تێکۆشان لەپێناو خێرو گەشەکردنیا؟ ئێمە هەوڵ دەدەین وپشتگیری هەرکەسێکیش دەکەین کە دڵسۆزانە بۆ ئەوە تێ بکۆشێ.

بەڵکو پێم خۆشە باش بزانیت ئەرکی سەرشانی ئەوان بەوە دوایی دێت ولأت رزگاربێ و شکۆمەندی بۆ بگەڕێتەوە، بەلأم ئەوە لای برایانی موسڵمان هەندێکی رێگەکەیە و بەس، یا تەنیا

قۆناغێکە لە قۆناغەکانی هەوڵدانیان، پاش ئەوەش ئەمێنێتەوە کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای نیشتمانی ئیسلامی بکەن، تا ئاڵای قورئان بەسەر هەموو گۆشەیەکی جیهاندا بشەکێتەوە..

## (4)

### قەومایەتی:

ئێستا باسی هەڵوێستی خۆمانت بەرامبەر بەقەومایەتی بۆ دەکەم.

### قەومایەتی شان و شکۆ:

ئەگەر ئەوانەی شانازی بەقەومایەتییەوە دەکەن، مەبەستیان ئەوەبێ، کە پێویستە: وەچە(نەوە)کان لەپلەی گەورەیی و شکۆ و گەیشتن بەهەڵکەوتوویی و هیممەتا شوێن پێشینان بکەون، و بەرێی ئەوانا برۆن، و ئەوان بکەنە سەرمەشق و چاولێکراوی خۆیان، و ئەوان نموونەی باشیان بن، و مەزنی باوباپیران یەکێکە لەوشتانەی رۆڵە بەهۆی پەیوەندی و رەچەڵەکەوە شانازی پێوە دەکات، و حەماسی بۆی دەبێ، و پێی دڵخۆش دەبێ..

ئەگەر مەبەست ئەوەبێ کە باسکرا، مەبەستێکی جوانەو ئێمەش هانی دەدەین وکاری پێدەکەین.

مەگەر کەرەسەی ئێمە بۆ راپەرینی هیممەتی خەڵکی ئەوە نییە کە خەڵکی هان بدەین چاو لەشکۆی پێشینانیان بکەن؟ لەوانەیە ئەم فەرموودەی پێغەممەر صلى الله عليه وسلم هێمابێ بۆ ئەوە کە دەفەرموێ: " النَّاسُ مَعَادِنُ، خِيَارُهُمْ فِي الْجَاهِلِيَّةِ خِيَارُهُمْ فِي الإِسْلامِ، إِذَا فَقُهُوا."(13) واتە: خەڵکی کانزان، چاکەکانیان لە سەردەمی نەفامیدا چاکیانە لەسەردەمی ئیسلامیشدا، ئەگەر لە دینا شارەزاییان پەیداکردبێ..

ئەوەتە ئیسلام دژ بە قەومایەتی نییە ئەگەر قەومایەتی بریتی بێ لەم واتا بەرێز و پەسەندەی.

### قەومایەتی نەتەوە:

ئەگەر مەبەستیش لەقەومایەتی ئەوەبێ کە: خێڵ و هۆزی ئادەمیزاد و نەتەوەکەی شیاوترین کەسن بەخێرو بێرەکەی، و بۆ چاکە لەتەکا کردن لەپێش هەموو کەسێکی ترەوەن، ئەمەش حەققەو بۆچوونێکی دروستە، کێ هەیە قەومەکەی خۆی لەپێشتر نەزانێ بۆ ئەوەی هەوڵیان بۆ بدات؟ ئەو قەومەی لەناویانا گەشەی کردووە و پێگەیشتوە..شاعیر دەڵێ: بەگیانی خۆم! قەوم و خوێشی ئینسان چاکترین چاکەن بۆی هەرچەند هەموو ئاوزەنگێکی پێ بەرز بکەنەوە(14).

ئەگەر مەبەستیشیان لە قەومایەتی ئەوەیە: ئێمە هەموو گیرۆدەین و لەسەرمان پێویستە کاربکەین و تێ بکۆشین، و هەرکۆمەڵێك لەلایەن خۆیەوە هەوڵ بدات تا ئامانجەکەی دێتە دی، و لە

گۆڕەپان(مەیدان)ی سەرکەوتنا، ئینشا ئەڵلا پێك دەگەینەوە، ئەمەش باشترین کار دابەش کردنە ، ئێمە کێمان هەیە میللەتانی ڕۆژهەلآت هان بدات تا هەردەستە لەمەیدانی خۆیا کاربکات و هەوڵ بدات، بۆئەوەی هەموان لەناو نازو نیعمەتی ئازادی و ڕزگاریدا پێك بگەینەوە؟!

هەموو ئەمانەو واتای ئەمانە لەقەومایەتیدا جوان و پەسەندن، و ئیسلام دژیان نییە، و پێوەری ئێمەش ئیسلامە، بەڵکو ئێمە سنگمانی بۆ فراوان دەکەین و خەڵکیشی بۆ هەڵدەنێین..

## قەومایەتی نەفامی:

بەلاَم ئەگەر مەبەست لە قەومایەتی زیندووکردنەوەی باو و نەریتێکی شوێنەوار نەماوی لە ناوچووی نەفامی بێ، و بەرپاکردن و ڕاستکردنەوەی بیرەوەریە کۆن و ڕابوردووەکان بێ، و ویلّکردنی ئەوشارستانییە بەسوودەبێ کەلە جێی ئەوا سەقامگیر بووە، و خۆ دەرکردن بێ لە پەیوەندی ئیسلامی و دەرچوون بێ لەپەیمان وبەڵێنەکەی ، بەناوی داوای قەومایەتی، و خۆهەڵکێشان بەهۆز و ڕەگەزەوە، هەروەك هەندێ لەدەوڵەتەکان سەرپەرییان کرد، لە تێکشکاندنی ڕواڵەتە ئیسلامییەکان و ئەوەی پەیوەندی بەعەرەبەوە هەبوو. هەتا ناو و پیتەکانی نووسین ووشەکانی زمانیشیان گۆڕی، و باوە پرتووکاو و کۆنەکانی نەفامییان زیندوو کردەوە، ئەگەر مەبەست لەقەومایەتی ئەوەبێ، واتایەکی ناپەسەندەو دوارۆژێکی دژوار و ئەنجامێکی ناهەمواری هەیە، و ڕۆژهەلآت بەرەو زیانێکی گەورە دەبات، و کەلەپوورەکەیشی لەگەڵ خۆیا ون دەکات، و پلەوپایەی دێنێتە خوارێ، و تایبەتمەندترین نیشانەی هەڵبواردن و جیا کردنەوەی لەناودەبات، و پیرۆزترین ڕواڵەتی شەرەف و شکۆی تیا دەبات، وەنەبێ ئەوەش هیچ زیانێ بەئاینی خوا بگەیەنێ، چونکە: "

" وَإِنْ تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لا يَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ. " (15) واتە: ئەگەر ئێوە پشت بکەنە ئاینی خوا و وازی لێ بێنن، خوا میللەتێکی تر دەکاتە جێگرتان بۆ پارێزگاری کردن لەو ئاینە، کە لەگیان فیدایی و خۆبەخت کردن لەپێناویا وەك ئێوە و وێنەی ئێو نەبن!!

## قەومایەتی دەست درێژیکردن:

ئەگەر مەبەست لە قەومایەتی خۆ هەڵکێشان بێ بە ڕەگەز و توخمەوە، بەجورێ سەربکێشێ بۆ بەسووك سەیرکردنی میللەتانی تر و دەست درێژی کردنە سەریان، و بەقوربانی کردنیان لەپێناو شکۆو بەرزی ومانەوەی نەتەوەدا، بۆ نموونە وەك ئەوەی: ئەڵمانیا(16)و ئیتالیا داوایان دەکرد، نەك هەر ئەوان بەڵکو هەروەك هەموو نەتەوەیەکی تریش کە میللەتانی تر بەسووك سەیر بکات و وا دابنێ خۆیشی لە سەرووی هەموانەوەیە!! ئەوە واتایەکی خراپ و ناپەسەندە و بگرە هیچ فرێکی بەسەر مرۆڤایەتییەوە نییە، چوون داوا کەیان ئەوە دەگەیەنێ: ڕەگەزی ئادەمیزاد لەپێناو خەیاڵێ لەو خەیالآنەدا کەهیچ دروستی وخێرێکی تیانییە بەربێتە گیانی یەکتر و خوێن ڕشتنی یەکتر و یەکتر قەلاچۆ کردن!!

دوو ستوون: بەپێی ئەو واتایانەو وێنەی ئەوانە برایانی موسڵمان باوەڕیان بە قەومایەتی نییە، و ناڵێن: فیرعەونیەتی و عەرەبایەتی، وفەینیقیەتی و سووریایەتی، و شتێ لەم ناو و ناتورانەی خەڵکی بۆ خۆیانی دەکەنە لەقەب. بەڵکو ئیمانیان بە پێغەمەر صلی الله علیه وسلم هەیە کە ئەویش کامڵترین

مرۆڤه و تەواو ترین مامۆستایەك بووە كە ئادەمیزادی فێری خێرو چاكە كردووە، و باوەڕیان بەفەرموودەی ئەو هەیە كە فەرموویەتی: " إِنَّ اللَّهَ قَدْ أَذْهَبَ عَنْكُمْ نخْوَةَ الْجَاهِلِيَّةِ، وَتَعَاظُمَهَا بِالآبَاءِ، وَالنَّاسُ لآدَمَ، وَ آدَمَ مِنْ تُرَابٍ، لا فَضْلَ لِعَرَبِيٍّ عَلَى أَعْجَمِيٍّ إِلاَّ بِالتَّقْوَى. " (17) بێگومان خوا لە ێیفەتی خۆ هەڵكێشانی نەفامی و خۆ بەزلزانین بە هۆی باوباپیرانەوە رزگاری كردوون، خەڵكی هەمووی نەوەی ئادەمە و ئادەمیش لەخاك. رێز و گەورەیی بۆ تەقوایە، بەتەقوانەبێ عەرەبی رێزی بەسەر غەیری عەرەبیدا نییە. ئای ئەم دەستەواژەیە چەند قەشەنگ و عادلأنەیە!! خەڵكی هەمولە ئادەم بوون كەوابوو چون یەكن، كەوابوو ئەوەی رێز بۆ ئادەمیزاد دروست دەكات كردەوەیە، كەوابوو ئەركی سەرشانیان هەوڵدان و پێش بركێیە بۆ كاری چاكە..

دووستوونی بەهێز و رێك وپێك ئەگەر مرۆڤایەتییان لەسەر بنیات بنرێ مرۆڤ بەقەد بەرزی ئاسمان بەرز دەكاتەوە:

1- خەڵكی لەئادەمن، كەوا بوو بران، دەبێ هاریكاری یەكتر بكەن، و بەئاشتی و ئاسایش لەگەڵ یەكترا بژین، و بەزەییان بەیەكتردا بێتەوە، و بۆكاری باش وپەسەند یەكتر رێنوێنی بكەن..

2- رێزیان بە پێی كردەوەیانە. كەوابوو لەسەریانە هەر كەس لای خۆیەوە هەوڵ بدات و تێبكۆشێ تا مرۆڤایەتی گەشەبكات و بەرز ببێتەوە.

ئایا رێبازێكت دیوە لەم ئاستە زیاتر مرۆڤایەتی بەرز بكاتەوە؟ یا لەم پەروەردەیە باشتر پەروەردەی بكات؟

## تایبەت مەندییەكانی عەرەبایەتی:

ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین كە ئینكاری تایبەتمەندی نەتەوەكان بكەین، یا رەوشتە هەڵبوێراوەكانیان لەپێشچاو نەگرین، ئێمە دەزانین هەر میللەتێ تایبەتمەندییەكی خۆی هەیە جیاواز لەوانی تر، و بەشی خۆی فەزیلەت و رەوشتی هەیە، و دەشزانین لەم بارەوە میللەتان جیاوازییان هەیە، و رێزیان بەسەر یەكتردا هەیە، و بڕوایشمان وایە كە لەو بارەوە عەرەبیش بەشێكی زۆری هەیە، بەلاَم ئەمە وا ناگەیەنێ میللەتان رێزی خۆیان بكەنە كەرەسەی دەست درێژی بۆ سەر نەتەوەكانی تر، بەڵكو پێویستە بیكەنە وەسیلەیەك بۆ بەدیهێنانی ئەو ئەركە گرنگەی كە داوای جێبەجێكرنی لە هەموو میللەتێك كراوە، و پێشتریش باسكرا.. ئەوە مرۆڤایەتی رادەپەڕێنێ، لەوانەیە لەمێژووی میللەتانی سەرزەویدا كەسێكت نەدیبێ بەو جۆرە لەو واتایە حاڵی بووبێ كە موسوڵمانانی یەكەم – هاوەڵەكانی پێغەممەر صلی الله علیه وسلم كە بەرەگەز عەرەب بوون - لێی حاڵی بوون.

ئەم تێهەڵكێشە خواستی باسەكە بوو، ناشمەوێ لەوەزیاتر لەسەری بڕۆم تا قسە بەم لاولامانا نەبات، و ئەگەڕێمەوە بۆ سەر باسەكەی خۆم.

## پەیوەندی عەقیدە:

ئەگەر ئەوەت زانی- خوا یارمەتی دەرت بێ - ئەمەش بزانە، كە: برایانی موسڵمان بەنیسبەت خۆیانەوە خەڵكی بە دووجۆر دەبینن: جۆرێكیان باوەڕیان وەك باوەڕی برایانە، ئەمان باوەڕیان بەچی هەیە لەئاینی خواو پەیامەكەیدا، و ناردنی پێغەممەرەكەی و ئەوەی هێناویەتی ئەوانیش

براوایان پێیەتی، لەتەك ئەمانەدا پیرۆزترین پەیوەندی پێکمانەوە دەبەستێ، کەئەویش پەیوەندی عەقیدەیە، ئەم پەیوەندی عەقیدەیەش لای ئێمە لەپەیوەندی خوێن و خاك پیرۆزترە، ئەوانە قەومی هەرە نزیکی ئێمەن، ئێمە بۆ ئەوانین، و لەپێناو ئەواندا کاردەکەین، و پەرێزیان دەپارێزین، و ماڵ و گیانمان دەکەینە قوربانیان، لەهەر خاکێکدا بن و لەهەر رەگەزو رەچەڵەکێکەوە هاتبن.

جۆرێکی تریان وانین، ئێمەش بەوجۆرە لەگەڵیانا پەیوەند نین، ئەوانە تا بەئاشتی لەتەکمانا بژین بەئاشتی لەتەکیانا دەژین، تا دەست درێژیمان بۆ نەکەن خێرو خۆشیمان بۆیان دەوێ. و بڕوامان وایە، کە: لەنێوان ئێمەو ئەواندا پەیوەندی بانگێشە و دەعوەتکردن هەیە، لەسەرمانە بۆ ئەو باوەڕەی خۆمان بڕوامان پێیەتی بانگیان بکەین، چونکە خێری هەموو مرۆڤایەتی تێدایە..بۆ سەرکەوتنی ئەم بانگێشەیە پێویستە ئەو رێگایانە بگرینەبەر و ئەو کەرەسەانە بەکار بێنین کە خودی دینەکە بۆی دیاری کردووین. ئەوەی لەوان دەست درێژی کردەسەرمان بەجوانترین شێوەیەك پەرچی دوژمنی پێ بدرێتەوە ئاوەها پەرچی دەدەینەوە.

ئەگەر دەتەوێ ئەم حەقیقەتە لەقورئانا ببینیت ئەم ئایەتە بخوێنەرەوە: "إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ " (18) ئیمانداران برای یەکترن، لەنێو براکانتانا ئاژاوە مەهێڵن و یەکیان بخەن.

"لا يَنْهَاكُمْ اللَّهُ عَنْ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ، وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ، إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ، إِنَّمَا يَنْهَاكُمْ اللَّهُ عَنْ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ، وَأَخْرَجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ، وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَنْ تَوَلَّوْهُمْ. " (19)

واتە: خۆا رێتان لێناگرێ دادگەری وچاکە لەتەك ئەو کافرانەدا بکەن کە لەسەردین شەڕیان لەتەکا نەکردوون، و لەخانەولانەی خۆتانا دەریان نەکردوون، بێگومان خوا دادگەرانی خۆش دەوێت، ئەوانەی کە خوا رێتان پێنادات پشتیوانیان لێ بکەن و یارمەتییان بدەن، تەنیا ئەوانەن لەسەردین شەڕیان لەتەکا کردوون، و لەخانەولانەی خۆتانا دەریان کردوون، و یارمەتی دەربوون بۆ دەرکردنتان.

لەوانەیە بەم کورتە باسە توانیبێتم ئەم لایەنەم لە بانگێشەکەماندا وا بۆ روون کردبێتەوە کە بوارێك بۆ نادیاری و تێك ئاڵاوی لە دەروونتا نەمابێتەوە. پاش ئەم روون کردنەوەیە لەوانەیە باش بزانیت برایانی موسڵمان خۆیان دەدەنە پاڵ کام هۆز و تیرە.

## (5)

### لەبارەی مەسەلە جیاوازەکانی مەزهەبییەوە:

ئێستاش بەرامبەر بەو مەسەلە ئاینییانەی کە جیاوازی راو بۆچوونیان تێدایە هەڵوێستی بانگێشەکەمانت بۆ روون دەکەمەوە.

## كۆبوونەوە نەك پەرتەوازەیی:

لەسەرەتاوە ئەوە بزانە خوا شارەزات بکات، کەبانگێشەی برایان بانگێشەیەکە بۆهەموان، و خۆی ناداتە پاڵ تاقم و تایفەیەکی تایبەت، لایەنگری ڕایەك ناکات کە لەناو خەڵکیدا بەرەنگێکی تایبەتەوە ناسرابێ، و داواکاری وشوێنکەوتەییەکی تایبەتی تیابێ، ئەم بانگێشەیە ڕوودەکاتە کاکڵەو ناوەرۆکی ئاین، پێمان خۆشە بۆچوون وهەوڵ و هیممەتەکان یەك بگرن، تا کارەکە بە سوودتر بێ، و بەرهەمیشگەورەترو مەزنتر بێ.

بانگێشەی برایان بانگێشەیەکی سپی وخاوێنە، بەهیچ ڕەنگێك ڕەنگ نەکراوە، حەق لەهەرکوێ بێ لەتەك ئەودایە، گردبوونەوەی پێ خۆشە، و دژی پەرتەوازەبوونە، گەورەترین زیانێ کە لەموسڵمانان کەوتبێ بەهۆی دووبەرەکی و جیاوازییەوە بووە، و بناغەی سەرکەوتنیشیان بەهۆی خۆشە ویستی و یەکیەتییەوە بووە، دواین کاری ئەم ئوممەتی ئیسلامە باش نابێ، بەو جۆرە نەبێ کە لەسەرەتاوە پێی باش بووە،"لاتصلح آخر هذه الأمة الا بماصلح به أولها " ئەمە ڕێسایەکی سەرەکییە و ئامانجێکی ڕوونە بۆ هەموو برایەکی موسڵمان، و عەقیدەیەکی پتەوە لە دەروونەکانماندا، لەوێوە دەر ئەچین و بۆ ئەویش بانگ ئەکەین..

## هەندێ کات جیاوازی ڕاو بۆ چوون پێویستە:

لەگەڵ ئەوەدا ئێمە بڕوامان وایە، کە: جیاوازی ڕاو بۆ چوون، لە لق و پۆپی دینا شتێکە و بوونی پێویستە، هەرگیز ناگونجێ لەو مەسەلە لاوەکیانەدا یەك بگرین لەبەر چەند هۆیەك:

یەکێ لەو هۆیانە: جیاوازی عەقڵەکانە، بەهۆی بەهێزی و لاوازیان لەکاتی وەرگرتن و دەر هێنانی حوکمە شەرعییە کاندا، و لەکاتی پەی بردن بە دەلیلەکان وپەی پێ نەبردنیاندا، و لەکاتی ڕۆچوون لە قوولآیی واتاکانیاندا، پەیوەندیدانی هەندێ لەحەقیقەتەکان بەهەندێکی تریانەوە.

ئاین بریتییە لە دەقەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و کۆمەڵێ دەق کە لەسنووری زمان و دەستوورەکانیا عەقڵ و ڕەئی تەفسیریان دەکات و واتایان لێك دەداتەوە، خەڵکیش لەو بارەوە بەتەواوی جیاوازییان هەیە، و چون یەك نین، کەوابوو دەبێ لەئەنجامیشدا جیاوازی هەبێ..

هۆیەکی تر لەو هۆیانە: کەم و زۆری و تەنگ و گوشادی ڕادەی زانیارییە، هی واهەیە گەشتۆتە پلەیەك ئەوتر پێی نەگەشتووە، ئەوی تریش هەروەها، کاتی خۆی ئیمامی مالیك بە ئەبو جەعفەری مەنیوری گوت: هاوەڵەکانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەوولآتاندا بلآو بونەتەوە و لای هەموو قەومێك عیلم و زانیاریەك هەیە، ئەگەر زۆریان لێ بکەیت بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچوونێکی دیاری کراو تووشی فیتنەیان دەکەیت.

هۆیەکی تر: جیاوازی جێگاو شوێنە، پیادەکردن و جێبەجێکردنی شەرع  بە گۆڕانی هەر کۆمەڵگایەك دەگۆڕێ. دەبینیت ئیمامی شافیعی خوالێی ڕازی بێ لەعیراقدا فتوا بە قەدیم ئەدات و لەمیسرا فتوا بەجەدید ئەدات، و لەهەردوو شوێنەکەدا چۆنی بۆ دەرکەوتبێ و بۆی ڕوون بووبێتەوە وای وەرگرتووە، و لە هەردوو شوێنەکەدا بەشوێن حەقا گەڕاوە.

هۆیەكیتر لەو هۆیانە: جیاوازی دڵنیا بوونە لەو ریوایەتانەی وەردەگیرێ، لەكاتێكا ئەو كەسەی ریوایەتی فەرموودەكە دەكات لای ئەم پێشەوایە متمانە پێكراوە، بەڵاَم هەمان راوی لای پێشەوایەكی تر بریندارکراوە.

هۆیەكی تر: ئایا كام بەڵگە لەپێشە؟ بۆنموونە: پێشەوایەك پێی وایە كردەوەخەڵكی لەپێشترە بۆ كارپێكردن، تا فەرموودەیەك كە پێی دەگوترێ: هەواڵی تەنیا(خەبەری ئاحاد)، لەو كاتەدا كار بەو فەرموودەیە ناكات، و كار بە كردەوەی خەڵكی دەكات، بەڵاَم پێشەوایەكی تر بە پێچەوانەوە...وە هەروەها.

## كۆڕابوون لە مەسەلەیەكی لاوەكی(فەرعی)دا:

ئەم هەموو هۆیانە وامان لێ دەكات بروامان وابێ: كۆڕابوون [ إجماع ] لەسەر مەسەلەیەك لە لق و پۆپی دینا داخوازییەكی نەگونجاو و موستەحیل بێ، بگرە لەتەك سروشتی دینیشدا نا گونجێ، خوا دەیەوێ ئەم دینە بمێنێتەوە و هەمیشەیی بێ، و لەتەك هەموكات و سەردەمێكا بگونجێ، لەبەر ئەوە ئەو دینە نەرم وئاسان و سووك و كێشدارە، نە وشكی تێدایەو نە توندگیری..

## ئەوانەی جیاوازی رایان بەرامبەرمان هەیە:

بڕوامان وایەو تەواوی مەعزەرەتیش بۆ ئەوانە دێنینەوە كەلە هەندێ لق و پۆپدا جیاوازی رایان بەرامبەرمان هەبێ، و پێمان وایە: ئەو جیاوازییە نابێتە بەستێك لە نێوان پەیوەندی دلاَن و گۆڕینەوەی خۆشەویستی و هاریكاری لە خێرو چاكەدا، و پێمان وایە: مەعنای گوشادی ئیسلام لەبەرێز ترین سنووریا، و لەداوێنی فراوانیا ئێمەو ئەوانیش بگرێتەوە.

ئایا ئێمەو ئەوان موسڵمان نین؟ ئایا پێمان خۆش نییە بەحوكمێ كاربكەین كە دەروونمان لێی دڵنیابێ؟ ئەوانیش ئاوەها پێیان خۆشە.. ئایا ئێمە داوامان لێنەكراوە: ئەوەی بۆخۆمان پێمان خۆشە، بۆ براكانیشمان پێمان خۆش بێ؟ كەوابوو ئیتر ناكۆكی بۆچ؟ بۆچ رای ئەوان لای ئێمە، و رای ئێمە لای ئەوان نەبێتە بوارێك بۆسەرنجدان؟ ئەگەر شتێك ئەوە بخوازێ لێكتر حاڵی ببین، بۆچ لەكەش وهەوایەكی پاك و خۆشەویستیدا لێكتر حاڵی نەبین؟

ئەوانە هاوەڵەكانی پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم بوون هەندێكیان لە فتوادا رای پێچەوانەی هەندێكیتریان هەبوو، ئایا ئەوە جیاوازی و پەرتەوازەیی لەنێو دڵەكاندا بەدی هێنا؟! ئایا یەكیەتییەكەی پەرتەوازە كردن، یا پەیوەندییەكەی تێكدان؟ نەبەخوا، خۆ باسی نوێژی عەسرەكەی بەنوو قورەیزە(20) لای هەموان ئاشكرایە!! 

ئەگەر ئەوان لەسەردەمی پێغەمبەروە صلی الله علیه وسلم نزیكترین كەس بوون، و لەدەلیلی حوكمەكانەوە شارەزاترین كەس بوون، ئەگەر ئەوان جیاوازی راو بۆچوونیان هەبووە، ئیتر ئێمە لەسەر شتێكی پچووك و بێمەترسیدار یەكتر بكوژین وبەربینە گیانی یەكتر؟! ئەگەر پێشەواكان كە زاناترین كەس بوون لەكتێبەكەی خوا و سوونەتی پێغەمبەرەكەیدا و لەهەندێ مەسەلەدا جیاوازییان لەگەڵ یەكترا هەبووە، و لەگەڵ یەكتریشا دانیشتوون و باس وخواسیان كردووە، بۆچ ئەو دڵفراوانییەی ئەوان بوویانە ئێمەش نەمان بێ؟

ئەگەر لە بەناوبانگترین و روونترین مەسەلەی لاوەکی (فەرعی)دا وەك مەسەلەی بانگ کە لەشەو و رۆژێکا پێنج جار بانگ دەدرێت، وچەندان فەرموودەو شوێنەوار [ آثار ] یش لەو بارەوە هەیە، ئەگەر لەمەسەلەیەکی ئاوادا جیاوازی هەبێ، ئەدی لەپچوکترین مەسەلەدا کە وەرگرتن و دەرهێنانی حوکمەکەی بەهۆی راو بۆچوونی زانایانەوە پەیدا ببێ چۆن جیاوازی نابێ؟!

لەویادا شتێکی ترهەیەو جێی سەرنجدانە – ئەویش ئەوەیە- کاتێ خۆی خەڵکی ئەگەر جیاوازییەکیان ببوایە دەرۆیشتنە لای خەلیفەو پێشەوای ولآت کە ئیمامە، و ئەویش حوکمی لەنێوانیانا دەکرد و بەحوکمەکەی ئەو جیاوازی نێوانیان نەدەما، بەلآم ئێستا خەلیفە لەکوێیە؟ کوا خەلیفە؟ کەوابوو باشتر بۆ موسڵمانان وایە هەوڵی دروستبوونی قازی بدەن، و بەدوایا بگەڕێن، ئینجا حاڵەکەی خۆیانی بخەنە بەردەست، چونکە ئەگەر سەرچاوەیەك نەبێ بڕوانێتە مەسەلەکەیان، نەك هەر جیاوازییەکەیان دەمێنێ بەڵکو سەر دەکێشێ بۆ جیاوازی تریش.

برایانی موسڵمان ئەم هەموو لایەنانە دەزانن، لەبەر ئەوە ئەوان دڵفراوان ترین کەسن لەبەرامبەر ئەوانەی جیاوازی بۆچوونیان لەتەکیانا هەبێ، و پێیان وایە هەرکۆمەڵێك زانیارییەکی پێیە، لەهەموو بانگێشەێکدا حەق و ناحەق هەیە، ئەوان بەشوێن حەقدا دەگەڕێن و وەری دەگرن، و کاری پێ دەکەن، زۆر لەسەر خۆ هەوڵی بەردەوام دەدەن لەبارەی راو بۆ چوونیانەوە قەناعەت بە بەرامبەریان بکەن، ئەگەر قەناعەتیان کرد باشە، و قەناعەتیشیان نەکرد ئەوا بران لەدینا، و داوای هیدایەت بۆ خۆمان و ئەوانیش لەخوادەکەین.

ئەوە رێرەوی برایانی موسڵمانە بەرامبەر کەسانێك کە رایان پێچەوانەی رای برایانە لەو مەسەلانەدا کەفەرعی و لاوەکین لەدینی خوادا.. دەگونجێ بەکورتی پێت بڵێم: برایانی موسڵمان پێیان وایە دروستە لەمەسایلی لاوەکدا خیلاف و جیاوازی هەبێ، و دەمارگیرییان بۆرەئی پێ ناخۆشە، هەوڵ بۆ گەیشتن بەحەق دەدەن، وخەڵکیشی بەناسکترین وەسیلەی نەرمی و خۆشەویستی بۆ هاندەنێن..

## بەرەو چارە سەری:

ئەی برا! بزانە و فێر ببە، کە وێنەی میللەتان لە هێزو لاوازی، لاوی وپیری، لەش ساغی و نەخۆشیاندا بێ زیاد و کەم لەتاك تاکی ئەو خەڵکە دەچن!! ئەو تاکە کەسەی تۆ دەیبینیت بەهێز و لەش ساغ و دوور لەنەخۆشییەو ساق و سەلیمە، لەکاتێکی ترا دەیبینیتەوە نەخۆشی سەری تێکردووە، و دەردو ئازار چوار دەوریان داوە و ئێش و نەخۆشییەکان لاشەی بەهێزیان خستۆتە مەترسییەوە، هەرسکالآ دەکات و دەناڵێنێ، تا رەحمەتی خوا بەهۆی دکتۆرێکی پسپۆڕو لێزانەوە دەگاتە فریای، و هۆی دەردەکەی دەبینێتەوە، و بۆی دەردەکەوێ نەخۆشییەکەی چ جۆرێکە ، شوێنی ئازارەکە دەدۆزێتەوە، و چارەسەرێکی دڵسۆزانەی دەکات..

پاش ماوەیەك دبینی ئەم نەخۆشە هێز و توانای تێ هاتۆتەوە و لەش ساغییەکەی بۆ گەڕاوەتەوە و لەوانەیە پاش ئەم چارەسەرییە وەزعی لەکاتی پێش نەخۆشییەکەی باشتر بووبێ.

لەبارەی میللەتان و نەتەوەکانیشەوە هەرهەمان جۆر بڵێ و بدوێ. رووداوی رۆژگار رووی تێدەکات، بەجۆرێکی وا مەترسی روو لەبوونی دەکات دیواری خانووەکەی دەقڵیشێنێ، دەرد و نەخۆشی روو لەهێز و توانای دەکات، و لەڕو لاواز دەبێت و تەماحکاران تەماحی تێدەکەن، و

داگیرکەران لێی داگیر دەکەن، ناتوانێ داگیرکەر دەربکات، و خۆی لەتەماحی تەماحکاران بپارێزێ. ئەو میللەتەی دەرد و نەخۆشی ئاوەها کزو لاوازی کرد، چاری تەنیا سێ شتە: ناسینی شوێنی دەردەکە. خۆگرتن لەسەر ئازاری چارەسەرییەکە. پزیشکێکی کارامەو لێزان چارەسەرییەکەی بگرێتە ئەستۆ، تا خوای تەعالا لەسەر دەستی ئەوا شیفای دەدات، و چاکی دەکاتەوە و مەبەستەکەی دێنێتە دی..

## نیشانەکانی نەخۆشییەکە:

تەجروبەکان فێریان کردین و رووداوەکان پێیان سەلماندین، کە دەردی میللەت و نەتەوەکانی رۆژهەلأت تەنیا دەردێك نییە، لەچەند لایەنێکەوەیە و نیشانەکانیشی زۆرن و هەموو رواڵەتێکی ژیانیانی گرتۆتەوە: لەبارەی سیاسەتیانەوە لەلایەن دوژمنانەوە تووشی نەخۆشی ئیستیعماربوون ، لەلایەن رۆڵەکانیشیانەوە تووشی نەخۆشی حیزبایەتی و دووبەرەکی و پەرتەوازەیی و دوژمنایەتی بوون.. لە بارەی ئابوورییەوە نەخۆشی (سوو) بووەتە پەتا و هەموو توێژەکانی گرتۆتەوە، کومپانیا بێانییەکان دەستیان بەسەر کانزاو دەسهات وخێر و بێریانا گرتووە.

لەبارەی بیرو هزریشەوە تووشی نەخۆشی چەواشەیی و لادان لەدین و موسقۆفی و پاشاگەردانی هزرو بیر بوون، و دەیانەوێ بیرو باوەڕەکەی برووخێنن و نموونەی بەرز و چاولێکراو لەدڵ و دەروونیانا ورد بکەن و بیشکێنن.. لەبارەی کۆمەلأیەتییەوە تووشی نەخۆشی حەرام بەحەلأڵ زانین بوون، لەبارەی باو و نەرێتیانەوە، رەوشتیانەوە، دەیانەوێ واز لەو رەوشتە بەرزانە بێنن کە لەباو و باپیرانی چاك و موبارەکیانەوە بۆیان جێماوە، و دەیانەوێ خۆیان لەو بەڵێن و پەیمانە رزگار بکەن.. بەلاسایی کردنەوەی رۆژئاواییەکان لەهەموو گۆشەیەکی ژیانیانا، ئەم ژەهرە کوشندەیە وەك لیکی مار بۆناو خۆێن دەکشێ و خوێنیان ژەهراوی دەکات، و هەوای سافی خۆشیان لێڵ و ئالوودە دەکات..

تووشی نەخۆشی یاسا دەستکردەکان بوون، ئەو یاسایانەی تاوانکار ناترسێنن و دەست درێژیکەر تەمبێ ناکەن، و زاڵم ناگەڕێننەوە، رۆژێ لە رۆژان جێی یاسا و دەستورە ئاسمانیەکان ناگرنەوە، ئەو یاسا ئاسمانیانەی بەدیهێنەری ئادەمیزاد و شای شاهان و پەروەردگاری دەروونەکان و بەدیهێنەریان داینا‌وە..

لەسیاسەتی پەروەردە و فێرکردنا تووشی نەخۆشی بێسەرو بەری وچەواشەیی بوون، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە نەیەڵێ ئاراستەی دروستی تازە پێگەیشتوان بکرێ، کە پیاوانی داهاتوو و هەڵگری ئەمانەتی راپەرین و وریاکردنەوەن..

لەبارەی دەروونیینەوە تووشی نەخۆشی کوشندەی رەشبینی (یەئس)بوون، لەگەڵ سستییەکی مەرگ هێنەر و ترسێکی ئابڕوبەر، و رسواییەکی سووکی هێنەر، و شل وشەوێلیەکی بەربلاَو، و بەخیلی وچاو چنووکییەکی وا دەست لە بەخشین بگرێتەوە، و خۆ پەرستییەکیوا ببێتە بەستێك و رێی قوربانیدان بگرێ، بەو جۆرە نەتەوەی لەریزی تێکۆشەرانەوە دەرکردووە بۆ ریزی گاڵتەچی و یاریکەران..

نەتەوەیەکی وا ئەم هەموو کارکردانە بەبەهێزترین رواڵەت و نیشانەی دەسەلأتیانەوە کۆبوونەتەوە بۆ پەلاماردانی و هێرش بردنە سەری، و دەیانەوێ لەناوی بەرن، ئیستیعمار، حیزبایەتی، سوو،

كومپانيا بێانييەكان، مسقۆفی، خۆ لەدين دووركرتن، چەواشەيی و فەوزا لە پەروەردە و فێركردنا، لە دەستوور و ياسادانانا، رەش بينی، بەخيلی، شل وشەوێڵی و ترسنۆكی، پەسەند كردنی كاری دوژمن و سەرسام بوون پێی بەجۆرێكی وا لەهەموو گۆشەيەكی ژيانا لاسايی بكاتەوە، بەتايبەت لەكردەوە خراپەكانيا..

تەنيا يەكێك لەم دەردانە بەسە بۆكوشتن و لەناو بردنی چەندەها ميللەتی يەكگرتووی پشت بەيەكتر بەستوو، ئەی دەبێ حاڵی ئەوميللەتانە چۆن بێ كە تەنياتەنيا و پەرتەوازەن و ئەو هەموو دەرد ونەخۆشيانەشيان تيا كۆ بووبێتەوە؟!

ئەگەر ئەو بەرگری وخۆ پارێزی و لێهاتوويی و بەهێزييە لەميلەتانی رۆژهەلاَتيدا دروست نەبوايە{بەهۆی ئەو پەتی دوژمنايەنتييەوە دوژمن بۆی هێنان وئالأنديیە مليانەوە، و ماوەيەكی زۆر دوور و درێژ دەستی بەچاندنی ئەو ميكرۆبانە كرد لە لەشيانا، تا ئەو ميكرۆبانە گەرايان دانا و تروركان و لە لەشيانا زۆر بوون}زۆر لە مێژ بوو تيادەچون و شوێنەواريان نەدەما، بەلاَم خوا بەوە رازی نابێ و ئيمانداارانيش.

ئەی براكەم! ئەوە ئەو دەردانەيە كە برايانی موسڵمان لە نەخۆشييەكانی ئەم نەتەوەيەدا دۆزيويانەتەوە و دياريیان كردووە، ئەوەش هەوڵ و كاركرديانە بۆ رزگاركردنی لەو نەخۆشيانەی تا تەندروستی و لاويەتيی لەدەست چووی بۆ بگەڕێتەوەی!!

## هەست و هيوا:

ئەی براكەم! پێش ئەوەی لەبارەی ئەم وەسيلەيەوە بۆت بدوێم پێم خۆشە بزانيت، ئێمە لەخۆمان بێزار نين، و رەشبين نين، ئێمە هيوامان بەخێرێكی زۆر هەيە وبڕواشمان وايە: گەورەترين تەگەرە لەرێی سەركەوتنا رەش بينييە و جگە لە رەشبينی هيچ شتێكی تر نابێتە بەست لەنێوان ئێمەو سەركەوتنا.. ئەگەر هيوا لەدڵمانا بەهێز بوو ئێنشا ئەڵلا بە خێرێكی زۆر دەگەين.. لەبەر ئەوە ئێمە رەشبين نين وسوپاس بۆ خوا يەئس و رەشبينی ناتوانێ سەر بۆ دەروونمان بكێشێ..

هەرچەند رەشبينەكان رەشبين بن بەلاَم ئێمە هەرچی بەدەورماندايە مژدەی هيوايان پێيە، تۆ ئەگەر رۆيشتيتە لای نەخۆشێك و ديت لەقسەكردنەوە بەرەو بێدەنگی و لەجم وجووڵەوە بەرەو متبوون دەچوو، هەست بەوە دەكەيت كۆتايی نزيك بووەتەوەو چارەسەركردنی زەحمەتەو دەردەكەی گەورەو گرانە.. خۆ ئەگەر بەپێچەوانەوە بوو، لەبێدەنگييەوە بەرەو قسەكردن و لەمتبوونەوە بەرەو جم و جووڵ دەچوو، هەست بەنزيك بوونەوەی شيفا و پێشڕەوی كردن لە تەندروستی و چاكبوونەوەيا دەكەيت..

رۆژگار و سەردەمێ بەسەر ميللەتانی رۆژهەلاَتيدا هات، و وشكبوون(جموود) رووی تێكردن، تا ئەو وشكبوونە بێزاری كردن، و متبوون، تا ئەو متبوونە ماندووی كردن، بەلاَم ئێستا بە هەستێكی هۆشياربوونەوەی تەواو لەهەموو بارەيەكی ژيانەوە لەكولاَنداية و دەكولێ. هەستێكی بەهێز و زيندوو، ئيحساسێكی توونديو گڕگرتووی بڵێسەدار. خۆ ئەگەر سەنگينی كۆت وزنجيرەكەی نەبوايە لەلايەكەوە و بێسەروبەری ئاراستە كردنی لەلايەكی ترەوە، ئەم هۆشيار بونەوەيە جوانترين شوێنەواری دەبوو، رۆژگار لە ئاوەژوودايە و ئەو زنجيرانەش هەتا هەتايە بەزنجيری نامێننەوە..

له چاو تروكانێكدا خوا لەحاڵێكەوە دەیگۆڕی بۆ حاڵێكی تر.. چەواشەش هەمیشە بەچەواشەیی نا مێنێتەوە، لەپاش رێ لێونبوون رێ دۆزینەوە دەبێت، و پاش بێ نەزمی نەزم و ئارامی دێت، لە سەرەتا و كۆتاییدا فەرمان هەرفەرمانی خوایە، لەبەر ئەوە ئێمە هەرگیز رەشبین و بێهیوا نابین، ئایەتەكانی خوای تەبارەك وە تەعالا و فەرموودەكانی پێغەمبەرەكەی صلى الله عليه وسلم و یاسای خوا لە پەروەردەكردنی نەتەوەكان و راپەڕاندنی میللەتاندا كە لەسەر لێوارەی تیا چوون و لەناو چونا بوون، و ئەو بەسەرهاتانەی لەقورئانا بۆمان باس دەكات، هەموو ئەمانە بانگمان بۆ هیوا و ئومێدێكی فراوان دەكات. وە بۆ رێی راپەڕینێكی دروست رێنوێنیمان دەكات، بێگومان موسڵمانان فێربوون ئەگەر بزانن.

**تۆ ئەم ئایەتە پیرۆزانەی سەرەتای سوورەتی " القصص " دەخوێنیتەوە:**

" طسم، تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْمُبِينِ، نَتْلُو عَلَيْكَ مِنْ نَبَإِ مُوسَى وَفِرْعَوْنَ بِالْحَقِّ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ، إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلا فِي الأَرْضِ، وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا، يَسْتَضْعِفُ طَائِفَةً مِنْهُمْ، يُذَبِّحُ أَبْنَاءَهُمْ وَيَسْتَحْيِي نِسَاءَهُمْ، إِنَّهُ كَانَ مِنْ الْمُفْسِدِينَ، وَنُرِيدُ أَنْ نَمُنَّ عَلَى الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا فِي الأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمْ الْوَارِثِينَ، وَنُمَكِّنَ لَهُمْ فِي الأَرْضِ، وَنُرِي فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَجُنُودَهُمَا مِنْهُمْ مَا كَانُوا يَحْذَرُونَ. " (21)

واتە: ئەوە ئایەتەكانی كتێبی روون و ئاشكرایە. ئێمە هەواڵی موساو فیرعەونت بەڕاستی بۆ باس دەكەین، تا پەند و ئامۆژگاریبێ بۆ ئەوانەی باوەڕ بەتۆ و پەیامەكەت دێنن. بێگومان فیرعەون پلەو پایەی لەسەر زەویدا بەرزبووەوە و دەستەڵاتێكی گەورەی پەیداكردو زوڵمێكی زۆری كرد، و خەڵكە كەی كردە چەند تاقم و دەستەیەكەوە، تایفەیەكیانی زەلیل و زەبوونكرد و كوڕەكانی سەردەبڕین، و ئافرەتانی دەهێشتنەوە و خزمەتی پێ دەكردن، بێگومان ئەو لە خراپكاران بوو، ئەوانەی چەوسێنراوەبوون دەمانەوێ منەت بكەین بە سەریانا و چاكەیان لەتەكا بكەین، و بیانكەینە پێشەوا و جێنشین و میراتگری ئەوان، و لەسەر زەویدا سەقامگیریان بكەین و دەسەلأتیان پێ بدەین، و ئەوەی فیرعەون و هامان و سەربازەكانیان لێی دەترسان بۆیان پێشبێنین..

دەبینیت چۆن لەسەردەمێكا ناهەق زاڵ بووە، شانازی بەهێز و توانایەوە كردووە، و لەهێزو توانای خۆی دڵنیا بووە، و بێ ئاگا لەوە كە چاوی حەق خستوویەتە ژێر چاودێرییەوە. تاوای لێهات بەو هێز و توانایەی پێی درابوو بایی ببێ و هاوكێشەی خۆی لەكیس بدات، ئالەوكاتەدا دەسەلأتی خوایی لەوپەڕی تواناییدا گرتی و لەناوی برد!! ویستی خوایی پشتگیری ستەم لێكراوان و مەزڵوومان دەكات، و سەری چەوساوە و بەلاوازكراوەكان بەرز دەكاتەوە و ناهەقیش لەبناغەوە دەڕووخێ و هەرەس دێنێ!!

پاش ئەوە قەلأی حەق دەوستێ و پایەی بەهێز دەبێ و شوێنكەوتوانی زاڵ و سەركەوتوو دەبن، پاش ئەم چەند ئایەتەو ئایەتەكانی تری قورئان هیچ عوزر و بیانوویەك نامێنێتەوە بۆ میللەتێك لە میللەتانی ئیسلامی كە ئیمانی بەخوا و پێغەمبەرەكەی و قورئان هەبێ، و رەشبینی و بێ هێوایی رووی تێ بكات، ئیتر موسڵمانان كەی لە كتێبەكەی خوا حاڵی دەبن؟

ئەی براكەم! لەبەر ئەم ئایەتانەو هاوچەشنیان كە لەئاینی خوادا زۆرن، برایانی موسڵمان لە وە بێ هیوا نابن كە یارمەتی خوای تەعالا بۆ ئەم میللەتانە بێتە خوارەوە، لەگەڵ ئەوەدا كە كۆسپێكی

زۆریش لەبەردەمیانا دەرکەوێ، و لەبەر رۆشنایی ئەم هیوایەوە وەك هیواداریکی تیکۆشەر کاردەکەن و هەوڵدەدەن خوایش کۆمەك و پشتیوانە..

## وەسیلەی برایان سێ شتە:

ئەمما ئەو وەسیلەیەی کە بەڵێنم دایتێ لەبارەیەوە قسەت بۆ بکەم سێ بنچینەیەو بیری برایانی بەدەورا دەسوورێتەوە: 1- بەرنامەی دروست، 2- تێکۆشەرانی ئیماندار، 3-سەرکردایەتی متمانە پێکراو.

## 1- بەرنامەی دروست:

برایان ئەو بەرنامەیان لە کتێبەکەی خوا و سوننەتی پیغەمەرەکەیا دیوەتەوە. لەسەر ئەو بنەمایەوە کە موسڵمانان لەئەحکامەکانی ئیسلام حاڵی بوون بەوشێوە پاك و پاراوەی خۆی کە هەیە و دوورە لە دەستکاری و بەدەمەوە هەڵبەستن، لەسەر ئەو بنەمایەوە دانیشتن و بەشێوەیەکی ئاسان و فراوان و حاڵی بووانە دەستیان کردە لێکۆڵینەوەی ئیسلام.

## 2- تێکۆشەرانی ئیماندار:

لەبەر ئەوە برایانی موسڵمان ئەوەی لەدینی خوا حاڵی بووبوون دەستیان کردە جێ بەجێکردنی لەخۆیاندا، و بەسەر خۆیاندا، بە جۆرێکی بێ ئامان و بێ نەرمی نواندن. لەسایەی خواوە ئەوانیش باوەڕیان بەبیرۆکەی خۆیان هەیە و لەمەبەستەکەیان دڵنیان و متمانەشیان بەوە هەیە کە خوا یارمەتییان دەدات، و پشتگیرییان دەکات، مادام بۆ ئەو کار بکەن و لەسەر رێنموونییەکانی پێغەمەرەکەی صلى الله عليه وسلم بڕۆن بەڕێوە..

## 3- سەرکردایەتی لێ هاتو و متمانە پێکراو:

برایانی موسڵمان ئەو سەرکردایەتییەیان هەیە و گوێ رایەڵی دەکەن، و لەژێر ئاڵاکەیا کار دەکەن..

ئەی برا! ئەوە (کورتەی ئەوباسە)یە کە دەمویست لەبارەی بانگێشەکەمانەوە بۆت باس بکەم، ئەوەش دەستەواژەیەکە و تەفسیرو تەعبیری هەیە، تۆش یوسفی ئەو خەوە بە، ئەگەر ئەو رێگای ئێمەت پێخۆش بوو وەرە دەست بخەرە ناو دەستمان و بالەم رێگەیەدا چون یەك کار بکەین، و خوایش یارمەتی ئێمەو تۆ دەدات و ئەویش باشترین کۆمەك وچاکترین پشتیوانە.

والله أكبر ولله الحمد.

## پەراوێزەکان:

5- سورة التوبة/24.
6- سورة المائدة/54.
7- سورة المنافقين/8.
8 - سورة النساء/141.
9 - أخرجه البخاری فی کتاب الأدب برقم:5605، ورواه أصحاب السنن الأربعة.
10 - سورة آل عمران/118.
11- سورة البقرة/193.
12- سورة الممتحنة/8.
13- أخرجه البخاري في كتاب أحاديث الأنبياء/ باب قول الله تعالى "لقد كان في يوسف وإخوته آيات للسائلين "، برقم: 3131. ]
14 - واتە: هەرچەند منەتیشی بەسەرا بکەن هەر خزمەکانی خۆی لە تەنگانەدا دڵیان بۆی دەسووتێ.
15- سورة محمد/38. ]
16- مەبەست لە ئەڵمانیای هێتلەرییە، کە حیزبێکی قەومی بەناوی (پارتی نازی)یەوە پێشەوایەتی دەکرد،هەروەها ئیتالیای سەردەمی (مۆسۆلێنی)مەبەستە، کە حیزبێکی قەومی بەناوی (فاشیست) پێشەوایەتی دەکرد..وەرگیر.
17- أخرج أحمد مثله في مسند الأنصار برقم: 22391 .
18 - سورة الحجرات/10.
19- سورة الممتحنة/8و9.
20- عَنِ ابْنِ عُمَرَ رَضِي اللَّهُ عَنْهُمَاأنهُ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم يَوْمَ الأَحْزَابِ: لا يُصَلِّيَنَّ أَحَدٌ الْعَصْرَ إِلاَّ فِي بَنِي قُرَيْظَةَ، فَأَدْرَكَ بَعْضُهُمُ الْعَصْرَ فِي الطَّرِيقِ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ: لا نُصَلِّي حَتَّى نَأْتِيَهَا، وَقَالَ بَعْضُهُمْ: بَلْ نُصَلِّي لَمْ يُرِدْ مِنَّا ذَلِكَ، فَذُكِرَ ذَلِكَ لِلنَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم ، فَلَمْ يُعَنِّفْ وَاحِدًا مِنْهُمْ. " أخرجه البخاري في كتاب المغازي/ باب مرجع النبي من الأحزاب، برقم:3810.
21- سورة القصص/1-6.

## ناوەرۆک.

بەرا شکاوی..
هیچمان لەکەس ناوێ.
سۆز.

فەزڵ و منەت هەر بۆ خۆایە.
چوارجۆر:
1- ئیماندار.
2- دوودڵ.
3- هەلپەرست.
4- روو وەرگێڕ.
باوەڕ قوربانی دەوێ.
روون ودیاری.
دووبارە.
چەندەها بانگێشە.
ئەوانەی بانگێشە دەکەن. (بانگخوازان)
وەسیلەو کەرەسە کانیان.
ئیسلامییەکان.
هەڵوێستمان بەرامبەر بانگێشەکانی تر.
نیشتمان پەروەریەتی.
نیشتمان پەروەریەتی سۆز(عاتیفە).
نیشتمان پەروەریەتی ئازادیو سەر بەرزی.
نیشتمان پەروەریەتی کۆمەڵگا.
نیشتمان پەروەریەتی بۆ رزگاری.
نیشتمان پەروەریەتی حیزبایەتی.
سنووری نیشتمان پەروەریەتیمان.
مەبەستی نیشتمان پەروەریەتیمان.
یەکیەتی.
قەومایەتی، بۆ شانوشکۆ.
قەومایەتی نەتەوە، قەومایەتی نەفامیی،
قەومایەتی دەست درێژی کردن.
دووستوون.
تایبەت مەندییەکانی عەرەبایەتی
پەیوەندی عەقیدە.
لەبارەی مەسەلە جیاوازەکانی مەزهەبییەوە.
کۆبوونەوە نەك پەرتەوازەیی.
جیاوازی راو بۆ چوون هەندێ کات پێویستە.
کۆڕابوون (الإجماع) لەمەسەلە فەرعییەکاندا زەحمەتە.
ئەوانەی راو بۆچوونی جیاوازیان لەتەکمانا هەیە، عوزریان بۆ دێنینەوە.
بەرەو چارەسەری.
نیشانەکانی نەخۆشییەکە.
هەست و هیوا.
وەسیلەی برایان سێ شتە.
ناوەرۆك.